# رێنمایی ژماره / ٣ ساڵی ٢٠٠٠

# دامەزراندنی پڕۆژەی گۆشت و مۆڵەت دانی :٠٠

بە پێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری ژمارە / ١٠ ساڵی ١٩٩٢ وە بۆ رێکخستن و پەرەپێدانی پڕۆژەی گۆشت و مۆڵەت دان بەو کەسانەی دەیانەوێ ئەم پڕۆژانە جێبەجێ بکەن وە بۆ ئاسان کاری ئیش و کاری ئەم پڕۆژەکاریە ئەم رێنماییەمان دەرکرد :٠٠

**ماددەی یەکەم :٠٠**

ئەم وشانەی خوارەوە ئەو واتانەی بەرامبەریان دەگرێتە خۆی :··

١. وەزیر : وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری .

٢. بەڕێوەبەری گشتی : بەڕێوەبەری گشتی بەیتەرە و سامانی ئاژەڵ .

٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەیتەرە و سامانی ئاژەڵ .

**ماددەی دووەم :**

ڕەچاوکردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە :··

١. داواکاری لە لایەن هاووڵاتی پێشکەش دەکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەیتەرە و سامانی ئاژەڵ لە پارێزگاکان بۆ دامەزراندنی پرۆژە لە گەڵ داواکاری کە پرۆژەکەی لە سەر دروست دەکرێت بە مەرجێك پشتگیری کرابێ لە لایەن زەوی‌و زار (مرتسم) .

٢. گرێ بەستی (عقد أیجار) ئەگەر هاتوو زەویەکە بە کرێ بوو یان وێنەیەك لە تاپۆی زەویەکە (صورە قید) ئەگەر هاتوو زەویەکە (ملك) بوو ئەبێ بە ناوی داواکارەکەوە بێت وە هەروەها ڕەزامەندی شەریکەکەی ئەگەر هات و شەریکی هەبوو .

٣. لە بەر ئەوەی هاووڵاتیانی هەندێ ناوچە (صورە قید) (تاپو) یان گرێ بەستی کرێی زەویان نیەو بۆ ئەوەی بتوانرێ پشت بەست بن بە فەرمانگەکانی کارگێڕی وە لە گەڵ فەرماناگە کشتوکاڵیەکان وە ئەم پشتگیریە دەبێت باوەڕی پێ بکرێت وەکو (صورە قید) بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە لە سەر ئەو زەویە .

٤. بەڵێنی پەسند کراو (تعهد مصدق) لە لایەن (کاتب عدل) کەوا خاوەن پرۆژەکە فەرمانبەر نیە لە هیچ فەرمانگەیەکی حکومەت وە هەروەها تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نیە وە ئەبێ ئیلتزامی تەواوی هەبێت بە هەموو ڕێنماییەکان کەوا پەیوەندی بە پرۆژەکەوە هەیە .

**ماددەی سێیەم :**

أ. ڕەچاوکردنی ئەم مەرجە هونەریانەی خوارەوە :٠٠

١. ئەبێ دووری لە نێوان پرۆژەی هاوشێوە (٣٠٠)م بێت .

٢. ئەبێ دووری لە نێوان پرۆژەی هەڵهێنەر (٣٠٠) م بێت .

٣. ئەبێ دووری لە پرۆژەی کارگەی ئالیك (١٠٠) م بێت .

٤. ئەبێ دووری لە پرۆژەی کاوێژکارەکان (٢٠٠) م بێت .

٥. ئەبێ دووری لە پرۆژەی مریشکی دایکان و هێلکەکەر (٥٠٠) م بێت .

٦. ئەبێ دووری لە سەر برخانەی مریشك (١) کم بێت .

٧. ئەبێ دووری لە پرۆژەی (متکامل) (٥٠٠) م بێت .

ب. وەرگرتنــــی ڕەزامەنـــدی ئـــەم فەرمانگانـــەی خـــوارەوە بـــۆ ئـــەوەی نەبێتـــە ئاســـتەنگێك لـــە پـــێش پرۆژەکـــانی ئـــەوان و کـــار بکـــات لـــە ڕێنماییـــەکانیان . ژینگـــەی مرۆڤایـــەتی - ڕێگـــاو بـــان - شـــارەوانی - شـــوێنەوار - گەشـــت و گـــوزار - ئـــاودێری و بەنـــداوەکان - کارەبـــا - گواســـتنەوە و گەیانـــدن - نـــەوت و کانزاکـــان .

**وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری**